

# کەرکووکی نوێ ..
# پێشنیاری دروستکردنی شارێکی نموونەیی مودێرن  لە کەرکووک

خەسرۆ پیربال

پاش ئازادبوونی کەرکووک لەژێر چەپۆکی رژێمی بەعس، مەسەلەی ئاسایکردنەوەی شارەکە، بەو واتایەی کە ئەو شارە کوردستانییە بگەرێتەوە سەر نەخشەی  کوردستان و خەڵکە هاوردەکەی و ئاوارەکانی کەرکووکیش لە هەموو لایەکەوە بگەرێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان، دیارە ئەو دیاردەیە تەنیا لە کەرکووک نییە، بەڵکو زۆر ناوچەو شوێن و شارۆچکەی تریش هەن کە هەمان کێشەیان هەیە و پێویستی بە بەرنامەرێژی گەورە هەیە بو ئاسایکردنەوەی بارووددۆخی گوزەرانی هاووڵاتیانی کورد و نەتەوەکانی تریش لەو ناوچە تەعریبکراو و شێوێنراوانەی کە حکوومەتی بەعس بە سیاسەتێکی درندانەی درێژخایان، هەرچی پێکرا، کردی بۆ سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ناوچە کوردستانییەکان، لێرەشدا تەنیا گرفتی بو کورد درووست نەکردووە، بەڵکو بۆ پێکهاتەکانی تری کومەڵگەی عیراقی و تورکومانەکانیش بەهەمان شێوە، ئەوانیش  .لە شارەکانی تردا بەزۆر و بە شێوازێکی ناشارستانییانە، بی هیچ پلانێک بوونەتە دانیشتووی کەرکووک..

مەسەلەی ئاسایکردنەوەی ناوچە شێوێنراوەکانی کوردستان، خاڵێکی گرنگی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بووە، هەر پاش پرۆسەی ئازادبوونی عیراق، تاوەکوو ئێستا ، هەر لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت و تاوەکوو رەشنووسی دەستووریش، کە بەگوێرەی ئەو دیکومێنتەوە، دوو ساڵ دانراوە بو کەرکووک و دەوروبەری، لێرەدا، حکوومەتی کوردستان، بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی هەیە بو پیادەکردنی سیاسەت و پلانی گونجاو، وە نەخشەکێشانی بەرنامەیەکی توکمە بو ئەو دووساڵە ( هەر لە ئێستاوە تاوەکوو ٢٠٠٧ ) ، لەبەرئەوەی ئەزموونەکان  ئەوە دەسەلمێنن، کە هەمیشە  کورد گرفتی هەبووە لە سوود وەرگرتن لە کات و ماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکان، گرفتی ئێمەیە  کە سوودمان لە کات وەرنەگرتووە بە تەواوەتی و بۆ بەرژەوەندی خومانمان بەکار نەهێناوە، هەمیشە پێش چەن هەفتەیەک یانیش لە دووایین رۆژەکاندا بەخۆ دەکەوین و ئەوکاتەش شتێکی ئاواهیی پێکدێت و ناگەینە ئەنجامێکی باش . .

کاتێک دەستووری عیراقی نوێ دووساڵ دەستنیشان دەکات بۆ ئاسایکردنەوەی کەرکووک و ناوچە شێوێنراوەکانی تری کوردستان، دەبێت ئێمە وەکوو کورد و دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستان، بوودجەیەکی باش و دیاریکراومان هەبێت بو ئەو مەسەلەیە ( بودجەی حکوومەتی عیراق و حکوومەتی کوردستان ) ، هەروەهاش هەر لەمرۆوە دەبێت لیژنەیەکی پسپۆری پرۆفیسیونال هەڵسن بە دارشتنی پلان  بو ئەو کارە، کار و فەیسی ئەنجامدانی پرۆژەکان دابەش بکرێن و وەکوو فەیسەکانی بریاری ٩٨٦ کاربکرێ بو ناوچە بەعەربکراوەکان لە کوردستان.

ئەگەر چاوێک بە رۆڵ و کاریگەری ئەزموونی دیموکراتی کوردستان و کاریگەری  سەرکردایەتی کوردستانی بخشێنین و سەنگی خۆمان بزانین لە ناوچەکەدا، ئەوە کاتێک باس لە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی  ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان دەکەینەوە، دەبێت بە شێوەیەک کار بۆ ئەم ئامانجەمان بکەین، کە لە ئەنجامدا، لەو کارەماندا، بۆ گێرانەوەی شارێک و ناوچەیەک بۆسەرنەخشەی وڵات، ئاگاداربین ئێمەش نەکەوینەوە هەمان تۆرە وەدەستمان بەخوێنی عەرەب،  یانیش نەتەوەکانی تری کوردستان پیس نەکەین، بمانەوێت و نەمانەوێی، ئەوانیش سالآنێکە  لێرە لەگەڵ ئێمەدا ژیاون، هەمیشە لەگەڵ میللەتی کورد،  میللەت و خەڵکی جیاواز هەبوونە و پێکەوە لەگەڵ یەکتر ژیاون، لەبەر ئەوەشە، پێموابێ دەرکردنیان و گەرانەوەیان بۆ شوێنی خویان، بە بەکارهێنانی هێز و ئاوارەکردنیان بە زۆری ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە، زیاتر و زیاتر، کێشە سایکۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوانمان قووڵتر و خەتەرناکتر دەکاتەوە.. لەداهاتوودا ناتوانین برینەکان بەئاسانی سارێژ بکەین. .

پێکەوەژیانی هەموویان لە شارێک و لە ناوچەیەک دەوڵەمەندیەکی فەرهەنگی جوانە، با عەرەبەکان و تورکمانەکان پێکەوە لە کەرکووک و شوێنەکان بمێننەوە،وەکوو ئەلتەرناتیڤیش، بۆ ئەو خەڵکە کوردانەی کەرکووک لە کەرکووک، لە سنووری پارێزگاکە  لە نزیک کەرکووک، یان لە لایەکی ئەو شارە کوردستانییە، شارێکی تر درووست بکەین  با ناوی – کەرکووکی نوێ – بێت، بەڵام لەچوارچێوەی ئیداری و سیاسی یەک پارێزگابێت، بودجەکەی لەلایەن هەردوو حکوومەتەوە دەستنیشان بکرێت، حکوومەتی عیراقی  فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشموابێ نەخشەسازی مودێرن زۆر بەئاسانی دەتوانێت، نەخشەی ئیستراتیژی و ژێرخانی شارۆچکەیەک  بە ماوەیەیی دەستنیشانکراو لە رەشنووسی دەستوور ئەنجام بدات .

پێموانییە کوردەکان  پێویستیان بەوە بێت، لە پرۆسەی ئاسایکردنەوەی ناوچە شێوێندراوەکانی وڵاتی خویان، دەستیان بەخوێن بێت، بێگومان ئەو کارەش هێندە ئاسان نییە، ئێمە کەرکووکێکمان دەوێت، وەکوو جاران، پێش حوکمی بەعس، هەموو فەرهەنگە جیاجیاکانی کوردستان، پێکەوە بژین، و هیچ حەساسیەتێک نەبێت لە نێوان تورکمان و عەرەب و ئاسوورییەکان، کوردستان چەندین فەرهەنگ و زمانی هەیە، بەڵام هەموویان تێکەڵاویەکی جوانیان هەیە زۆر وشە و تەعبیراتی لەیەکچوو و هاوبەشیان هەیە  کە بەهەقیقەت دەوڵەمەندیە بو زمان و فەرهەنگەکەمان .

لەبەر هەستیاری شارەکە،ئەرکی سەرجەم هێزە سیاسییە کوردستانی و عیراقییەکانە، کە هێندەی بکرێت چالاکی سیاسی و رێکخراوییەکانی خۆیان کەم بکەنەوە وەکو حزب، لە کەرکووک  گۆرەپانەکە بۆ حکوومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستان بێت و با حکوومەت کاری تێدا بکات، بەو شێوەیەش  رەوشی هاووڵاتییانی ئەو ناوچانە باشتر دەبێت ئاشتی و سەقامگیری سیاسی و کومەڵایەتی دێتە ئاراوە.

Pirbal@hotmail.com